**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٧/٨ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕەسمی پولی ئیتیحادی**
**ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**
یاسـای ڕەسـمی پـولی ئیتیحـادی ژمـارە (٧١)ی سـاڵی ٢٠١٢ لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق بەرکـار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

**ماددەی (٢):**
پیادەکردنی حوکمی بڕگەی (پێنجەم)ی مادده (٥)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
پێنجەم: پێدانی ڕەسمی سەپێنراو لەم ماددەیە بەو شێوازە دەبێت کە وەزیـر دیاریـدەکات، و دەبێـت وەزیر لە حـاڵەتی دواکەوتـن لە پێـدانی ڕەسـم، سـودی دواکەوتـن بسـەپێنێت، ئەمەش بە ڕێنمـاییەك ڕێکدەخرێت.

**ماددەی (٣):**
پیادەکردنی حوکمی بڕگەی (سێیەم)ی مادده (١٦)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٤):**
پیادەکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی (پێنجەم) و (شەشەم)ی مادده (٢٥)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٥):**
دامەزراوە و فەرمانگەکـانی هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق و ئەوانەی خـاوەن پۆسـتن تیایانـدا، لەهەر شـوێنێکی ئەم یاسـایەدا هـاتبن، جـێگەی دامەزراوە و فەرمـانگە ئیتیحادییەکـان و ئەوانەی خـاوەن پۆستن تیایاندا دەگرنەوە.

**ماددەی (٦):**
یاسای ڕەسمی پوول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان ـ عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧):**

وەزیری دارایی و ئابوری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٨):**

ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٩):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (١٠):**

ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرچوواندنی یاسای ڕەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان - عێراق، و لەبەر ئەو پێشکەوتنەی ڕوویداوە لە جۆر و قەبارەی ئەو خزمەتگوزارییە حکومییانەی پێشکەش دەکرێن، و بۆ ئەوەی ڕەسم لەگەڵیان بگونجێندرێت، و لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بەهای دراو و چالاکی ئابووریدا هاتووە، و لە پێناو یەکخستنی ڕەسمی پول لە هەرێم لەگەڵ هاوتاکەی لە عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٨/١٨**